# سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کرد و باسی پێشهاتە سیاسی و خزمەتگوزاری کرد



بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی پێشوازی لە دەوڵەتی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بەڕێز (محەمەد شیاع سوودانی) کرد، لەم دیدارە باس لە پێشهاتە سیاسییەکانی عێراق و ناوچەکە کرا لەگەڵ تاوتوێ کردنی ئەرکەکانی حکومەت لە پێشکێشکردنی خزمەتگوزاری و پتەوکردنی سەقامگیری.

سەرۆکایەتی ستایشی پێڕۆژە خزمەتگوزارییەکان کرد کە حکومەت لەم دوو ڕۆژە پێی هەڵساوە و جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی کە هێزی گەورەی دەبێت لە گەرانەوەی متمانەی شەقام بە سیستەمی سیاسی و دەزگای جێبەجێکراوی دەوڵەت.

سەرۆکایەتی دووپاتی کردووە کە پێویستە پارێزگاری لەسەقامگیری و پێشخستنی ئەو سەقامگیرییە بکرێت لەسەر ئاستەکانی سیاسی و ئەمنی و کۆمەڵایەتی و ئاماژەی کرد کە ئەوە بەرپرسیارێتی هەموانە لە هێزە سیاسییەکان و سەرکردە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیش کە دەبێت کار لەسەر ئەوە بکەن.

لەمیانەی تاوتوێکردنی دۆخی هەرێمی سەرۆکایەتی دووپاتی کردەوە کە پێویستە بوار بە گەلی سووریا بدرێت بۆ ئەوەی خۆی وەتەکەی بەرەوە ببات و دەستووری بنووسێتەوە بۆ مەرجەعێكی سەروەری سووریا پارێزراو بێت و پارێزگاری لە فرەیی بکرێت.

لەکۆتایی دیدارەکە، سەرۆکایەتی حکیم جەختی کردووە لەسەر بەردەوامبوونی ئامادەباشی ئەمنی و سەربازی و خستنەڕوی دەستپێشخەری دژی پاشماوەی تیرۆریستان و شانە خۆتوکانی بەمبەستی چەسپاندنی ئەمن و سەقامگیری وڵات.